
ئەی خۆت وتت:
"ئەو گەواڵە خەمە ئیتر مەکەرە بەر"[٢]
ببورە بێ ئەو تەمانە
چاوەکانم خومار نابن
پێکێکم بۆ تێکە
مەست بێ بەو تەمانە
تامی بێنازیت بنوێنێ





دەچاوێکم لێکە
زەمەنم پیر نەکاو
لە خەندەم نەتۆرێ
پێکێکم بۆ تێکە زەمەن درەنگ بخات و
خەوی لێ بچۆڕێ

(١)، (٢) دوو دێڕن لە شیعرێکی یوسف لەتیف.



# چاوەکانم بوونە بە مۆڵگەی باران

چۆلەکەیەک

هەورە سپێکانی دییەم دەخاتە گڕ

پاسارییەک پێکەنینە ئاسمانییەکەم

بەدرۆ دەخاتەوە

بە خێرایی لێوەکانم گڕ دەگرێ و

روون دەگرێم

سۆراخی قەقنەسەکانی گوڕگوڕ

لە دەنوکەکانی دەکەم





دەگرێم...و

سەما لەسەر فڕەفڕی

باڵەکانی مەرگا دەکەم

دوور لەبەڵا

چۆلەکەیەک تامی ماچەکانم دەکاو

دوا ئۆغرم دەخاتە گڕ..

باڵەکانی لە نیگاما
دەکوژێنەوە
بۆنی روونبونەوەم لێدێ
رۆژبوونەوە لەژێر
مەرگی باڵندەیەک
پەنایەکی فرە ئەستەمە
کوا مەحشەر..؟
کوژانەوەم لەژێر چۆڕەی گوێسەوانەیەک





ژیانێکە لە قاژەقاژی
ناکاوی ئاوەدانی
ئاوەدانی لەژێر سایەکانی جاران
لەو زەمینەی تەنها پاکی دەگرێتە خۆ
بۆنم لێدێ و
لە تەپوکۆی کۆترەکانی ئەودیومان
لەخۆ دەچم
خۆ رۆژ نییە باڵندەکانی
ئەم دەڤەرەی لای خۆمان
هەوری چاوم نەخەنە گڕ

دوور لەبەڵا
چۆلەکەیەک دەستەکانم دەکاتە مەملەکەتی تاعوون و
جریوەکەی وەک چاوانم
ئاسوودەیی لێوە دەڕژێ
قاچەکانی
گەرمی دارتێلەکانی جارانی
هەر پێوەیە
باڵەکانی
هەناسە بابردۆکانمیان لێدەبارێ





لەم هاتوچۆی چۆلەکەیە
سەرم پڕە لە درەخت و
لێوم لە جریوەی مەییو
چاوم یەکپارچە ئاسمانە و
سینگم رووبارێک لەنەمان
ئەو دێت و سۆراخی
مەوسیمی کۆچم لێدەکات
وەلێ زەمەنی کۆچیش گۆڕاوە و
هەر دەگرێم..

راوچییەک دێت
هوتافی مەرگی باڵندە دەداتە گوێم
دوور لەبەڵا
چۆلەکەیەک
بەباڵ هاوینم بەسەرا دەبارێنێ
چەپکە ژیانی لێ دەڕژێ
نابەڵەدە
وەکو رێگا ونەکانی باران
ونم دەکاو بۆم دەگەڕێ





ئەو کاتێ دێ
رەنگی ئاسمانم پۆشیوە و
مەیلم دەکات
ئەو دێت و حەرفی لانەکان
لە ساردوسڕی لێوانم
حەشر دەکات
داخ نازانم
بۆچی دەبێ
کۆترە پەیامبەرەکانی ئێستا
تووشی ئافاتی مەرگم بکەن
لە کۆترێکی تاراوگەوە
نامەیەکی تۆم پێ گەیشت
منیش لە پرشە ماچ زیاتر
قسەم نەبوو

ئاخر هاوڕێ
نامەکەی من
پڕە لە هیوای بەرباران
ئەو هیوایەی
بە باڵی تەڕی پاسارێکانەوە رژان
تەڕبووم بەو خەمە سەوزانەی
بە قاچی زستانێکەوە کوژانەوە
دوور لەبەڵا
پاسارییەک مەیلم دەکا و
سەرم دەکات بە هێلانە





چاوەکانی پڕە لە تەمی بیابان
لە چرپە چرپی ژووانان
دوور لەبەڵا
قەقنەسێک هانام بۆ دێنێ
چەپکە خەمی چاوەکانم دەخواتەوە
منیش لەناو ژاوەژاوی گەورە پیاوان
بەبێ سنوور ژیان دەبرم

ئا هاوڕێ گیان
تا ئەگەمە پارچەیەکی
دوور لە وڵاتی دەسەڵات
لەوێش مەرگ بەختەوەریم
دەچنێتەوە
هاواری چەندین نەء دەکەم
ئەو نەئانەی
وەکو قاچی ساردەوەبووی
چۆلەکەکانی ئێستاکە
هەورەکانی دوا ئۆغرم
دەخەنە گڕ





نامەکانم تووشی پەتای فەنا دەکەن
ئای خودایە
ئەوا دیسان
چۆلەکەیەک دەنووک لە لێوانم دەدا و
چەپکە حەرفەکانی نیگام
دەکاتە رۆژی نیوەڕۆ
تاوێک ژیان لە شەرمی رووم دەکاتەوە

دەمێک بەنمەی چاوانم
باڵ تەڕ دەکا
کوێوە بچم
خۆ هەموو نامەکانیشم
لە دوا سەمای ئەوان ون بوون





ئەو نامانەی
پڕ بوون لە هیوای بەرباران
وەسیەت هاوڕێ
گەر سۆراخیشت نەزانیم
گەر متمانەت بە تینی
چاویشم نەما
دەست بۆ ئەو نامانە نەبەیت
کە لە سەمای باڵندەیەک
بەردەبنەوە
نەبا بەدەم مەرگی
ناکاوەوە
تووشی پەتای فیراقت بکەن...



لە شەرابی لێوی مەراق دەخۆمەوە

خاک مەراقە گەشەکانی چاوم دەباو..
روخسەت لە رۆحم دەخوازێ..
هەمیشە خاک بانگم دەکاو
چاوەکانم بەسەوزایی
دەشواتەوە
وەلێ هاوڕێ
چەند شەرابی لێوی مەراق دەخۆمەوە
مەستم ناکا!





غوبارەکانی پێلووم و
گۆرانی پایز هاوماڵن
تەنها من و تۆ سنوورمان لەمابەینە
گەر هاتییەوە
پێکێک لە چاوی مەراقم
بۆ بێنەوە

گەر هاتییەوە بیرت نەچێ
چەپکێ وەنەوشەی ئەو چەمەو
چڵێ چنووری کێوانم
لە بۆ بێنی
تا لە باخی خەیاڵێکما
لە جێی خۆمان ببنە هاوماڵ

***





هەمیشە خاک زەردم دەکاو
لە مەراقی لێوەکانم دەخواتەوە
کە هاتییەوە بیرت نەچێ
چڵێ رەیحانەی ئەو یاڵە و
چەند حەرفێکی
قەتیسماوی
لێوی خەیاڵم بۆ بێنی
گەر هاتییەوە بیرت نەچێ
قومێ مەراقی سەر لێوی
کانییەکی روونم بۆ بێنی
بۆ ئەوەی من
جارێکی تر
لە شەرابی لێوی مەراق
نەخۆمەوە

٢٠٠٦/٣/١٤



# هەشت خەون لە چاوی گەرمیاندا

١

کە ماڵئاوایی ناکاوت
دەمژاکێنێ
چۆن دەتوانی ئۆغر بکەی
لەو دیوی سنوور هاوینە
گەرما تنۆکە نامۆییت دەخواتەوە
گەر تینوو بویت
بیرت نەچێ
قومێ حەسرەتی چاوانم
بخۆرەوە





٢

ئەوبەری ماڵمان زستانە
لەناو بینابیتا دەنووم
سوێند بێ بە هەوری چاوانم
تا نەیەیتەوە
دانەکەم

٣

لەژێر هەناسەی باراندا کەپرێک دەکەم

نەدار

نەبەرد

نە سێبەرێک داینەپۆشێ

جگە لەوشە تەریوەکانی

چاوەڕوانی..





٤

گەر چاوەکانم زوو هەڵچوون

لێم زویر مەبە

پرشێک بارانی گەرمیانم

لە تەماشام هەڵگرتووە

٥

لە باخچەکە ئاوا دەبم
هەوری چاوم بەڕێ دەخەم
بۆ ئەو شوێنەی
هەناسەی تۆ حەشرم دەکا
بۆ هەتایە ئێشکت دەگرم
نەک لەناکاو تاراوگەی رووت
بەجێم بێڵێ





٦

وەک گەردەلوول لولم دەدەی
وەکو لاولاو سەر دائەخەم
ئاخ نازانم
چ تەریقەتێکی سروشت
ئەم دوو جەمسەرە
یەک دەخا!!

٧

رەنگم لە سیمات جێماوە و
پروشە حەسرەتەکانم
بە لێوتەوە
بۆیە هەردەم ماچەکانت
پڕوشە بێ دەرەتانەکانی منیان
لێوە دەڕژێ





٨

برژانگم هەندێ لە پرشی
مانگی ئەمشەوی پێوەیە
لێوم لە ژمارەکانی نەهاتنت کاڵ بووەوە
کە هاتییەوە
بەقەد ژمارە تیاچووەکان
ماچی سەوز و
نمە نمی چامەیەکی
لای خۆمانم بۆ بێنەوە

نیسانی ٢٠٠٦



# خەونی بیابان لە دیەم نابێتەوە

لە مابەینی بیرەوەری گەڵایەک و
خەمە ساردەکانی نیگات
وڵاتێک دێ
لە مەیلی تۆرانمان دەچێ
بێ سێبەر
دوور لە پیاوانی جەنگ
وەلێ بەلیمۆبوونت دەمکوژێ
نزیک خەیاڵاتی شەوێک





کوانێ داڵدە
لە پاڵ داڵغە بێتامەکانی ژیان و
گوناهە جوانەکانی تۆ
لێوەکانم بۆنی پەنجەکانت دەگرن
وەتەن لە زەردەپەڕێکی ڕوخساری تۆ
مەیلم دەکا
ئا لەوێدا کەپرێک دەکەم

لە پاڵ تەمێکی دراوسێت
بستێ پەنا
تاوێک بێرەوە بۆ ئەیرە
تاراوگە خەواڵووەکانم روون کەرەوە
وا نزیک لە کەپرەکانی مەنفاوە
داڵدە دەدەم
تۆزێ لەولای کەپرە شینەکانی بارانەوە
سۆراخی روخسارت دەکەم
تۆزێ پێش پیربوونی خەمێک
بێ مەیلیت شەوم بەسەرا دەبارێنێ





وا لەسەر رێت
کەپرێک لە نیشتیمان دەکەم
پاش ئیزنی خەو
رووناکی رۆحم هەڵگۆزە و بیخۆرەوە
بۆ هەمیشە
لە تەنیشت بێداری تۆوە
سەما دەکەم
سەمایەک لە خشپەی پێیەکانم ژان دەیگرێ
پڕ بە دییەت چاوەڕوانیم بخۆرەوە
تێر بۆنم بە

لە بەشەوبوونی تۆ نەبێ
چاوەکانم تیشک ناخەن
تۆزێ لەولای پردەکانی سیراتەوە
ئازارەکانم بژەنە
عەیامێکە نۆتەکانی غەریبیمان
لێ دەچۆڕێ
مشتێ زەمەنم پێداکەو
سپیمکەوە





بە تەماشای حەسرەتاوی دییەت نەبێ
نایەمەوە
لەولای کەپرە شینەکانی بارینەوە
بمتەکێنە
بێ هەناسەت بێ داڵدە بێ پەنا
کوا نیشتمانی تاراوگە
ئاوام مەکە
با شوێن هەنگاوت هەڵگرم

هاوڕێ
خۆ چاوەکانی من
وێڵی ئەستێرە کوژراوەکانن
بەس شوێن تەنهایی بکەوە
چاوەکانت بکەرەوە
تێر لە خەماوی ڕۆحم بە
تاکو ئاوڕ دەدەیتەوە
هۆن هۆن لە دیداری تۆدا
خەواڵوویی عەسرێک دەگرم





کە غەریبی تۆ و
وڵاتم بە ئەمانەتەوە بۆ دێنێ
ئەوجا دەزانیت گەڕانت
بەدوای کچە قەرەجەکانی وڵاتدا
چەندە شێتییەکی جوانە
منیش ڕەدووی ئەوان دەکەوم و
بە تەنها ڕۆژ بکەرەوە
هاوڕێ لەوانەیە تەمەن
بەشی گەڕان بە شوێن قاوەگرەکانی
زەینت بکات

وەلێ تەمەنی هەموویان
بەشی دۆزینەوەم ناکات
کە وەکو هەوری چاوانت
بەڕێ کەوتم
نایەمەوە
لە مەراقی لێوەکانت دەکوژێمەوە
گەر تینوێتیم نەناسیبا
لە داڵغەی ڕۆینێکی تۆ
نەدەخنکام





ئەی وێڵی دوای عەرافەکانی پاڵ ژیان
کوێوە بۆ جەنگستانی وڵاتم دەبەیەوە
بموەرێنە
بە دەستە سپییەکانی تۆ نەبێ
حەزە خڵەفاوەکانی تەمەنم
لێ نابنەوە
وەلێ باخەوانێکی نەفامی
جگە لە خەونە ئادەمییەکانی بەهەشت
هێشووە عیشق بۆ هیچ
دەستێک ناکەیتەوە
وەک تینووبوونی کەناری ئاوێک
بمخۆرەوە

بۆ جارێکیش
دەستنوێژ بە غەریبیم بگرە و
لێوەکانت لە سوورمەکانی خەیاڵم
بسڕەوە
تا چیدی حەرفە شیعرێکم
بە لێوتەوە جێ نەمێنێ
بیرت نەچێ
تاکو ژیان دەرگای خەونی والاّ دەکات





پرچەکانم بکەرەوە
تاڵ بە تاڵی
بۆ تەمەنی بابردوومان
بە هەناسەت بسووتێنە
پەلم بگرە و بەکێشم کە
تا بە وڕینەی ئێواران دامئەپۆشی
ئاگادارم مەکەرەوە

وڵاتێک لە خوماربوونی
عەسران
شارێک لە وێڵبوونی شەقام
باخچەیەک لە بێ منی تۆ و
شەوێک لە تەماشای سەراب
ئا ئەمانە پێش تۆ و مێژوو
دراوسێمن





کە گەیشتینە ئەو شوێنەی
بە تەنها من و تۆ و باران
بە مەیلی خۆمان راکشاین
ئەوسا بێدارم کەرەوە

کەرکووک ٢٠٠٦/٦/١٧



# پیاڵەیەکی پڕ لە ژیان

١

پیاڵەیەکی نیوە پڕە ژیان
جار جار
گەزەندە و
هەندێ جار
جێمانمانی لێ دەچۆڕێ





٢

گەشتێکی نیوە چڵە
ژیان
لە دەسپێکەوە
بەڕووتی و
لە کۆتاییش
بە سپێتی
ئاوا دەبین

٣

پیاڵەیەکی نیوە رژاوە
بزەی لێوم
جار نەجارێ
لە تەماشات
بیرم دەچێ





٤

پیاڵە نیوە رژاوەکە
چەند پرشێک
بینینی من و
ژوورێک لە روانینی مانگ و
شەوێکی بێداری تیایە
هەر هەمووومان
بۆت دەگەڕێین

٥

کاتی پیاڵە ڕژاوەکە

زوو تێپەڕی

تامی لەسەر لێوی

دوێنێ

وشکەوەبوو





٦

وەرزێکی لەبیرکراوە

عومرم

کە هەر دەمێ

باخچەیەک

لە زەینم دەڕوێ

٧

جامی ئاوە رژاوەکە
لەبەر پێما زرنگەی دێ
لە زرنگەی
تینووبوونم
مەراقی لێوە دەچۆڕێ





٨

وەرزی ژوورە تەنهاکەی من
پێنجەمینە
تەنها دنیایەکی دوور و
پیاڵەیەکی سەر لێوی
شەو و
ئارامی تیا هاودەنگە

٩

ژیان
پیاڵەیەکی ورد و خاشە
تەنها بۆنی
لێوی من و
شوێن پەنجەی تۆی
پێوە ماوە





١٠

پێکە لەبیرکراوەکە
قیژەی کچە هاوڕێکەم و
خەمی جوانی چاوەکانمی
تیا رژاوە
بە خشپەی پێت
سەبووریی لێوە
هەڵدەچێ

١١

دارێکە
عومری بەسەرچووم
دەمێ
بە دەستەکانی تۆ و
جارێکیش بە هەناسەکەم
هەڵدەوەرێ





١٢

سیمای کچە قەرەجێکە
تۆزێ لە نیشتمان
دەچێ
ئەو دەمانەی
تۆ دەڕۆیت و
منیش دەڕۆم

کەرکووک ٢٠٠٦/٧/٨



# داغستانێک لە ئاڤۆدا

بێلوتفیم کرد
پەنجەتووتەم ماچ نەکردی و
کووچەی نەهاتم لە چاودا
لێوت پڕ بوو
لە دێم دێم و
چاوت لە مەراقی
نووستن....





بێلوتفیم کرد
دەستم بەردای و
هەنگاوم دوورخستەوە
چاوەکانت پڕ بوون
لە نییەتی بارین
بۆ سەر خەمی داغستانیم
دەستەکانت لەماڵئاوایی
ماڵەکەم
پێیەکانت لە دارە دارەی
بێ ڕێگا
هۆ ئاڤۆ داغستانێکەم
تەمەنی میهرەبانیم وشکی کرد

کاتێک لێوم
تاسەی لە سەلاریت
نەشکا و
لە گریانتا
توامەوە





هۆ کۆرپە شاخستانێکەم
بێ مەیلیت بوو
کە دارە دارەی
هەردوو پێت
لە رۆینما گیرسایەوە

---

* داغستانەکەی رەسوولی هەمزاتۆڤە.
* ئاڤۆ کورتکراوەی ناوی ئاڤارە.